KURDISH

# بەخێربێن بۆ هامشایر

## ڕێنوێنی زانیاری بۆ منداڵ و لاوی پەناخوازای بێ یاوەر

نوسینی لیزا کالیم،
مامۆستای تایبەتمەند،
خزمەتگوزاری بەدەستهێنانی کەمینەی ئیتنی و
گەشتیار لە هامشایر

لە ئایار/مەی ۲۰۰۹ نۆژەن کراوەتەوە

# ناوەڕۆک


| | لاپەڕە |
|---|---|
| بەخێر بێیت | ٢ |
| پێشەکی | ٣ |
| بانگەشەکردنی پەناخوازی | ٣-٦ |
| پرۆسەی پەناخوازی | ٦-١٣ |
| مافەکانت | ١٤ |
| نیشتەجێکردن | ١٥-١٦ |
| چاودێری پزیشکی | ١٦-١٧ |
| فێرکاری | ١٨-٢٤ |
| کارکردن لە بەریتانیا | ٢٤-٢٦ |
| وەرزش و دەرفەتی کات بەسەر بردن | ٢٦-٢٧ |
| پەیوەندیکردن بە کەسوکار و هاوڕێ | ٢٧-٢٨ |
| ئەزموونی کەسێکی UASC خەڵکی ئەتیوبیا | ٢٩-٣١ |
| پەیوەندی بەسوود | ٣٢-٣٨ |
| داواکاری بۆ دەنگدانەوە | ٣٩-٤٠ |

## بەخێر بێیت

لە چەند سەدەیەکەوە، هامشایر بەردەوام جێگایەک بووە کە پێشوازی لە خەڵک کردووە کە لە هەموو شوێنێکی جیهانەوە ڕوویان لێی کردووە. تۆ بە ناچارەیی بەرەو هامشایر هاتووی و کەسوکار و برادەرانت لەو وڵاتەی کە تێدا گەورە بووی بەجێ هێشتووە.

هیوادارین هەموو کەسێک لێرەدا لە هامشایردا هاوکاریت بکات بۆ دامەزراندنی ژیانێکی نوێ و بۆ ئەوەی تۆش لە دواییدا بتوانی بەشداری لە گەشەسەندنی ئایندەیی وڵاتەکەمان بکەیت. ئەم نامیلکەیە بەشێکی ئەو هاوکاری و پشتگیریەیە کە بۆ تۆ بەردەست کراوە. تکایە ئاگادارم بکەوە، و ئاگاداری کارمەندی کۆمەڵایەتیت و مامۆستای خوێندنگا یان کۆلێژت بکەوە ئەگەر ئەم نامیلکەیە سوودی بۆت هەبوو و هەندێک پێشنیاری خۆتیش بۆلاوانی دیکە کە پاش تۆ دەیخۆننەوە، بنووسە.



جۆن کۆگلان

بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری منداڵان

## پێشەکی

ئەگەر تۆ لە خوارووی تەمەنی ١٨ ساڵیدابیت، و بێ یاوەری کەسێکی پێگەیشتوو بۆ بەریتانیا هاتبیت و داوای پەناخوازیت کردبێت، ئەوە تۆ بە منداڵێکی پەناخوازی بێ یاوەر (UASC) یانیش بە نەوجەوانێکی بێ یاوەر دەناسرێیتەوە. ئەم ڕێنوێنییە زانیاری تێدایە بۆ هاوکاریکردنت لە دامەزراندنی ژیانە نوێیەکەت لە بەریتانیا. ئەم زانیاریانە بریتین لە:

- پرۆسەی پەناخوازی
- مافەکانت
- نیشتەجێکردن
- فێرکاری
- تەندروستی
- کارکردن
- پەیوەندی کردن بە کەسوکار و هاوڕێ لە وڵاتی خۆت، و ئەو کەسانەش کە لێیان دووری.
- ئەزموونی کەسێکی UASC خەڵکی ئەتیوبیا
- وردەکاری ئەو ڕێکخراوانەی کە دەتوانن هاوکاریت بکەن

## بانگەشەکردنی پەناخوازی

تۆ، وەک نەوجەوانێکی بێ یاوەر، پێویستە داخوازنامەی پەناخوازیت بە هەمان شێوەی پێشکەشکردنی داخوزانامەی پەناخوازی کەسێکی پێگەیشتوو پێشکەش بکەیت. لەوانەیە تۆ کاتی یەکەم جار گەیشتنت بۆ بەریتانیا ئەم داخوازنامەیەت پێشکەش کردبێت، ئەگەر لەگەڵ فەرمانبەرێکی کۆچکردن لە یەکێک لە فڕۆکەخانەکان یان بەندەرەکان یانیش لە بنکەی شەمەندەفەری واتەرلو قسەت کردبێت – ئەگەر لە یەکێک لەم شوێنانە پەناخوازیت بانگەشە کردبێت، ئەوا بە 'داواکاری بەندەر' (port applicant) دەناسرێیتەوە. ئەگەریش قسەت لەگەڵ



ئەو شتانەی کە بەکەڵکم هات لە نامیلکەی بەخێربێن بۆ هامشایر:

پێشنیارەکانی بەسوودترکردنی نامیلکەکە:

هەر ڕاسپاردەیەکی دیکە کە ئارەزووت هەیە بە دیاری بخەیت:

تەمەنت:
وڵاتی ڕەسەنت:

## داوکاری بۆ دەنگدانەوە

هیوادارین کە زانیاری ناو ئەم نامیلکەیە بەسوود بووبێت. زۆر یارمەتیشمان دەدەیت ئەگەر بتوانی ئاگادارمان بکەیتەوە کام بەشی ئەم نامیلکەیە بەسوودترین بەش بوو و هەر پێشنیارێکی خۆتیشمان پێ ڕابگەیەنی دەربارەی ئەوەی کە چۆن بتوانین ئەم نامیلکەیە بەسوودتر بکەین بۆ منداڵانی پەناخوازی بێ یاوەری دیکە کە پاش تۆ دەگەنە بەریتانیا.

تکایە ڕاسپاردەی خۆت لە بۆشاییەکانی لاپەڕەی دواتردا بنووسە (ئەگەر پێویستیت بە نووسینی زیاتر هەبوو پشتی لاپەڕەکە بەکار بهێنە) و بینێرە بۆ:

خزمەتگوزاری بەدەستهێنانی کەمینەی ئیتنی لە هامشایر
Hampshire Ethnic Minority Achievement Service,
Aldworth Science College,
Western Way,
Basiongstoke.
RG22 6AH

بۆت هەیە بە هەر زمانێک بێت بنووسیت

سوپاس



فەرمانبەرێکی کۆچکردندا نەکردبێت کاتی یەکەم جار گەیشتنت بۆ ئەم وڵاتە، لەوانەبێت بە هۆی گەیشتنت بە شێوەیەکی نایاسایی، ئەوە هێشتاش هەر دەتوانی لە دواییدا بانگەشەی پەنابەخوازی پێشکەش بکەیت لە یەکێک لە یەکەکانی هەڵسەنگاندنی پەناخوازی دەزگای سنوورەکانی بەریتانیا. نزیکترین یەکەیان بۆ هامشایر ئەمەیە:
Lunar House,
40, Wellesley Road,
Croydon.
CR9 2BY
تەلەفۆن: ٠٨٧٠ ٦٠٦ ٧٧٦٦

ئەگەر لێرەدا بانگەشەی پەناخوازیت پێشکەش کرد، ئەوە بە 'داواکاری ناو وڵات' (in country applicant) دەناسرێیتەوە.

خێرا بەدەستهێنانی ڕاوێژکاری یاسایی کارێکی زۆر گرنگە کاتی پێشکەش کردنی بانگەشەی پەناخوازیت. لەوانەیە ئێستاکە پارێزەرێکت بۆ تەرخان کرابێت لە ڕێگای کارمەندی کۆمەڵایەتی خۆتەوە. ئەگەر نا، دەتوانی لە ڕێگای دەستەی منداڵانی سەر بە ئەنجومەنی پەنابەرانەوە یەکێک پەیدا بکەیت:

ئەنجومەنی پەنابەران (Refugee Council)
خزمەتگوزاری پشتگیری و ڕاوێژکاری منداڵان (Children's
Advice and Support Service)
241-250 Ferndale Road,
London.
SW9 8BB
تەلەفۆن: ٠٢٠٧ ٥٨٢ ٤٩٤٧

ئەوان یارمەتیت دەدن بۆ پەیوەندی کردن بە پارێزەرێکەوە و ئەو پارێزەرە دەتوانێ یارمەتیت بدات لە هەموو بوارەکانی بانگەشەی پەناخوازییەکەتدا بە درێژایی پرۆسەی پەناخوازییەکەت.  ئەم ڕاوێژکاریە یاساییە بە خۆڕاییە.

ڕێکخراوی دیکەش، کە پێیان دەگوترێت خزمەتگوزاری یەک ڕاوەستان (One Stop Services)، ڕاوێژکاری و زانیاری بێ بەرامبەر پێشکەش دەکەنە ئەو پەناخوازانە کە لە ناوچەکانیاندا نیشتەجێن. ئەم ڕێکخراوانە لە لایەن حکومەتەوە دامەزراون بۆ پێشکەشکردنی زانیاری بۆ پەناخوازان و پەنابەران دەربارەی پرۆسەی پەناخوازی و پشتگیری بەردەست. لە هامشایر، دەتوانی پەیوەندی بکەیتە (Refugee Action) لە ساوتامپتۆن یان لە پۆرتسمۆت:

Refugee Action,
53, Derby Road,
Southampton.
SO14 0DJ.
تەلەفۆن: ٠٢٣٨٠ ٢٤٨ ١٣٠

کراوەیە لە کاتژمێر ١٠ی پێش نیوەڕۆ – ١٢ی نیوەڕۆ و لە ٢ – ٤ی دوای نیوەڕۆ.  ئەمە خزمەتگوزاریەکی 'سەردان کردنە' – پێویست بە هیچ ژوان وەرگرتنێک ناکات.

Refugee Action,
Floor 3,
Venture Tower,
Fratton Road,
Portsmouth.
PO1 5DL
تەلەفۆن: ٠٢٣٩٢٢٩٧٤٠٧



**ئەگەر ئارەزووی پەیوەندیکردنت هەیە لەگەڵ خەڵک/گروپی ناوخۆ کە هەمان پشتینەی کەلتووری تۆیان هەیە**

ناوچەی ئیستلی:  پەیوەندی بە ڕاژنی بالی بکە، فەرمانبەری گەشەپێدانی کۆمەڵگا:
rajni.bali@eastleigh.gov.uk

ناوچەی باسینگستۆک:  پەیوەندی بە ئیسلام جەلێتا بکە، فەرمانبەری گەشەپێدانی کۆمەڵگا، لە کۆڕی هەمەجۆریتی باسینگستۆک:
islam.jalaita@basingstoke.gov.uk

**بۆ یارمەتیدانی دۆزینەوەی ئەندامانی خێزان**

British Red Cross Society کۆمەڵگەی خاچی سووری بەریتانی
International Welfare بەشی ئاسوودەیی نێودەوڵەتی
Department
Family Reunion Section کەرتی یەکگرتنەوەی خێزان
9 Grosvenor Crescent,
London.
SW1X 7EJ.
تەلەفۆن:  ٠٢٠ ٧٢٣٥ ٥٤٥٤

خاچی سووری وینچەستەر Red Cross Winchester:  لقی بارەگای گشتی Branch Headquarters
Red Cross House,
Weeke,
Winchester.
SO22 5JD
تەلەفۆن:  ٠١٩٦٢ ٨٦٥١٧٤        فاکس:  ٠١٩٦٢ ٨٦٩٧٢١

(Denise Roch) دەنیس ڕۆچ
Alton Family Centre,
Mill Lane,
Alton.
GU34 2SX

تەلەفۆن: ٠١٤٢٠ ٥٤٦٨٢٩

(Sharon North) شارۆن نۆرت
X-perience Youth Centre,
Trinity Street,
Fareham.
PO16 7SJ

تەلەفۆن: ٠١٣٢٩ ٨٢٤٠٨٠

(Gill Horrobin) گیل هۆرۆبین
(Children's Services) خزمەتگوزاری منداڵان
Southside Offices,
Trafalgar House,
The Castle,
Winchester.
SO23 8UG

تەلەفۆن: ٠١٩٦٢ ٨٤٧٢٦٣



کراوەیە لە کاتژمێر ٩,٣٠ پێش نیوەڕۆ – ١ی دواى نیوەڕۆ و لە ٢ی دواى نیوەڕۆ – ٤,٣٠ی دواى نیوەڕۆ.
پێویستە پێشتر تەلەفۆن بکەیت بۆ ژوان وەرگرتن.

(Refugee Action) دەتوانێ زمانوەرگێڕێک کە بە زمانی تۆ قسە دەکات دابین بکات.

هەروەها ڕێکخراوێکی دیکەش هەیە لە (ساوتهامپتۆن) بە ناوی کلیر (CLEAR) کە سەر بە حکومەت نیە و ڕاوێژکاری پیشکەشی پەناخوازان و پەنابەران دەکات:

CLEAR,
George Williams House,
Cranbury Place,
Southampton.
SO14 0LG.

تەلەفۆن: ٠٢٣٨٠ ٢٢١١١

## پرۆسەی پەناخوازی

لە ڕابوردوودا، تەواو بوونی پرۆسەی بانگەشەکردنی پەناخوازی هەندێک جار هەتا سێ ساڵی دەخایاند. لە مانگی سێی ٢٠٠٧ ەوە دەزگای سنوورەکانی بەریتانیا ( بەشی حکومەت کە بەرپرسی کۆچکردنە) سیستەمێکی نوێی هێناوەتە کایەوە بە ناوی نموونەی نوێی پەناخوازی (New Asylum Model). لەم سیستەمەدا هەموو بانگەشە نوێیەکانی پەناخوازی پێویستە لە ماوەی ٣٥ ڕۆژدا بڕیاری بۆ بدرێت و بڕیاری تێهەڵچوونەوەش لە ماوەی ١١٥ ڕۆژدا.
هەرچەندە، ئێستاکە بڕیاردان زیاتر لەم کاتە دەخایەنێت. بۆیەش لەوانەیە داواکاریەکەت زیاتر لەم کاتەی کە لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە بخایەنێت. تۆ بەردەوام بە یاوەری کەسێکی پێگەیشتوو

دەبیت، هەروەها زمانوەرگێڕێک ئەگەر پێویستیت پێی هەبێت و پارێزەرەکەت ئەگەر بە پێویست زانرا.
٤ قۆناغی سەرەکی هەیە بۆ بانگەشەکردنی پەناخوازی:

## قۆناغی ١: هەڵسەنگاندن

ئەمە چاوپێکەوتنێکی کورتە لە یەکەی هەڵسەنگاندنی پەناخوازی لە کرۆیدۆن و بریتیە لە:

- داواکردنی هەندێك زانیاری بنەڕەتی دەربارەی داخوازنامەکەت و چۆنێتی هاتنت بۆ ناو بەریتانیا و ناو و تەمەنت. ئەگەر هیچ بەڵگەیەکی سەلماندنی تەمەنی خۆت پێ نەبێت، ئەوە هەڵسەنگاندنێک بۆ تەمەنت جێ بەجێ دەکرێت لە لایەن کارمەندێکی کۆمەڵایەتی ئەو جێگایە. ئەگەر کارمەندە کۆمەڵایەتیەکە دڵنیا نەبوو ئایا تەمەنت لە خوارووی ١٨ ساڵیدایە، ئەوا وەک منداڵێکی 'تەمەن جێی گومان' ئەژمار دەکرێیت. ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ تەمەنی خۆت بە خوار ١٨ ساڵ بانگەشە کردووە بەڵام هیچ بەڵگەنامەیەکت نیە بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە و کارمەندی کۆمەڵایەتیەکە پێی وایە کە لەوانەیە تەمەنت لە سەرووی ١٨ ساڵیدا بێت. لە ماوەی ٢٥ ڕۆژەوە لە کاتی هەڵسەنگاندنەوەکەتدا، پێویستە چاودێری کۆمەڵایەتییەکە بڕیارێک سەبارەت بە تەمەنت بدات. ئەگەر بڕیارەکەت بە دڵ نەبوو، بۆت هەیە تێهەڵچونەوەیەک پێشکەش بکەیت سەبارەت بە بڕیارەکەی تەمەنت وئاگادار دەکرێیتەوە بە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەم تێهەڵچونەوەیە ئەگەر بۆ تۆ لە ئارادا بێت.
- پەنجەمۆر و وێنەگرتنی تۆ. ئەمە بە ئامادەبوونی کەسێکی پێگەیشتووی بەرپرس کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی کارکردنی نەبێت لەگەڵ بەشی کۆچکردندا، جێبەجێ دەکرێت. ئەمە دەکرێت کارمەندی کۆمەڵایەتییەکە یان پارێزەرەکەت بێت.



ئەنجومەنی پەنابەران، کەرتی ڕاهێنان و کارپێکردن Refugee Council, Training & Employment Section
240 250 Ferndale Road,
London.
SW9 8BB.

تەلەفۆن: ٠٢٠ ٧٣٤٦ ٦٧٠٠
سەردان: دووشەممە تا هەینی، ١٠ی پێش نیوەڕۆ – ١٢ی نیوەڕۆ
هێڵی ڕاوێژکاری: ٠٢٠ ٧٣٤٦ ٦٧٦٠ (١٠ ی پێش نیوەڕۆ- ١ی دوای نیوەڕۆ، ٢- ٤ ی دوای نیوەڕۆ، دووشەممە تا هەینی).

**ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە دەربارەی چاودێری ڕۆژانەت یان هەر بابەتێک کە پەیوەندی هەیە بەوەی کە تۆ منداڵ/ لاوێکی پەناخوازی بێ یاوەریت**

پەیوەندی بەم کەسانەی خوارەوە بکە بەگوێرەی نزیکبوونیان لە جێگای نیشتەجێبوونت.

ستیڤن هانفۆرت (Stephen Handforth)
Clarendon House
Romsey Road,
Winchester.
SO22 5PW

تەلەفۆن: ٠١٩٦٢ ٨٦٩٦١١

**یارمەتیدان لە بارەکانی پەیوەندیدار بە خوێندنگاوە**

خزمەتگوزاری بەدەستهێنانی کەمینەی ئیتنی لە هامشایر Hampshire
Ethnic Minority Achievement Service
Aldworth Science College,
Western Way,
Basingstoke.
RG22 6AH.
تەلەفۆن: ٠١٢٥٦ ٣٣٠١٩٥

**ڕاوێژکاریی پیشە/ ڕاوێژکاریی دەربارەی بارە گشتیەکان کە کاریگەری هەیە بەسەر لاواندا**

خزمەتگوزاری ڕاوێژکاریی لاوانی ڕاستەوخۆی کۆنێکشنس
Connexions Direct Youth Advisory Service
پرسیاری گشتی: ٠٨٠٨٠٠١٣٢١٩
www.hampshireconnexions.co.uk

**ڕاوێژکاریی دەربارەی دەستباربوونی فێرکاری زیاتر/بەرزتر**

خزمەتگوزاری ڕاوێژکاریی فێرکاریی و ڕاهێنانی پەنابەران
Refugees Education and Training Advisory Service
(RETAS)
World University Service (UK),
14 Dufferin Street,
London.
EC1Y 8PD
تەلەفۆن: ٠٢٠ ٧٤٢٦ ٥٨٠٠
هێڵی ڕاوێژکاریی: ٠٢٠ ٧٤٢٦ ٥٨٠١ (سێ شەممان و پێنج شەممان، ٢,٣٠ – ٥ی دوای نیوەڕۆ)



- ڕاپرسنامەیەکت پێشکەش دەکرێت بە ناوی 'فۆرمی بەیاننامەی بەڵگە (SEF)'. پارێزەرەکەت لە جیاتی تۆ ئەم فۆرمە پڕ دەکاتەوە و دەیگەڕێنێتەوە. ئەمە پێویستە لە ماوەی ٢٠ ڕۆژدا جێبەجێ بکرێت.

- دەزگای سنوورەکانی بەریتانیا کارتێکی تۆماری داخوازنامەت (ARC) پێشکەش دەکات بۆ دووپاتکردنەوەی پێشکەشکردنی داخوازنامەکەت. کارتەکە بەم شێوەیە:




(ڕووی کارتەکە)




(پشتی کارتەکە)

دوای ماوەیەکی کورت لە چاوپێکەوتنی هەڵسەنگاندنەکەت (لە میانەی چەند ڕۆژێکدا) کەسێکت بۆ تەرخان دەکرێت کە پێی دەگوترێت بەرپرسی دۆسیە (Case Owner). ئەم کەسە دەبێتە بەرپرسی داخوازنامەی تۆ بە درێژایی پرۆسەکە.  بۆت هەیە داوای بەرپرسێکی دۆسیەی ئافرەت یان پیاو بکەیت.

## قۆناغی ٢:  کۆبوونەوەی یەکەم/ ڕووداوی ڕاپۆرتکراوی یەکەم

ئەمە یەکەم جارە کە لەگەڵ بەرپرسی دۆسیەکەی خۆتدا کۆ دەبیتەوە.
پێویستە ئەم کۆبوونەوەیە دوای چاوپێکەوتنی هەڵسەنگاندنەکە بە چەند ڕۆژێک ساز بدرێت.
لەم کۆبوونەوەیەدا بەرپرسی دۆسیەکەت:

- پرۆسەی پەنابەخوازییەکەت بۆ ڕوون دەکاتەوە
- بەروارێکت پێ دەدات بۆ چاوپێکەوتنی سەرەکیت (قۆناغی ٣ ببینە).
- یارمەتیت دەدات بۆ دۆزینەوەی پارێزەرێک ئەگەر هەتا ئەو کاتە کەسێکت پەیدا نەکردبوو.

## قۆناغی ٣: چاوپێکەوتنی پەناخوازی

ئەمە دەبێت نزیکەی هەفتەیەک پاش یەکەم چاوپێکەوتن ساز بدرێت.
لەم چاوپێکەوتنەدا داوات لێ دەکرێت هۆیەکانی داواکردنی پەناخوازیت بۆ بەریتانیا ڕوون بکەیتەوە.  کۆپیەکی ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکەت دەدرێتە دەستەوە و داوای واژۆت لێ دەکرێت  بۆ سەلماندنی وەرگرتنی ئەو کۆپیە.



### بۆ یارمەتیدان کاتێک بڕیارتدا بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچکردن  The International
Organisation for Migration (IOM)
26 Westminster Palace Gardens
Artillery Row
London SW1P 1RR

تەلەفۆن  ٠٠٠١ ٧٢٣٣ (٠٢٠)
فاکس  ٣٠٠١ ٧٢٣٣ (٠٢٠)
ئیمەیل  varp@iomlondon.org
ماڵپەڕ  www.iomlondon.org

### هێڵەکانی تەلەفۆنی یارمەتیدان – بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسێک

چایەڵد لاین:  تەلەفۆن: ١١١١ ٠٨٠٠ (بێ بەرامبەر)
ماڵپەڕ:  www.childline.org.uk

کیدسکێپ:  تەلەفۆن:  ٣٣٠٠ ٧٧٣٠ ٠٢٠

### خزمەتگوزاریەکانی ڕاوێژکاری کەلتووری تێکەڵە

ڕاوێژکاری کەلتووری تێکەڵە Cross cultural counselling
خزمەتگوزاری بەدەستهێنانی کەمینەی ئێتنی لە هامشایر  Hampshire
Ethnic Minority Achievement Service
Aldworth Science College,
Western Way,
Basingstoke.
RG22 6AH.

تەلەفۆن:  ٠١٢٥٦ ٣٣٠١٩٥

## ڕاوێژکاریی یاسایی بێ بەرامبەر/ ڕاوێژکاری گشتی دەربارەی بارەکانی پەنابەری

Refugee Action
53, Derby Road,
Southampton.
SO14 0DJ
تەلەفۆن: ٠٢٣٨٠ ٢٤٨ ١٣٠

Refugee Action
Floor 3,
Venture Tower,
Fratton Road,
Portsmouth.
PO1 5DL
تەلەفۆن: ٠٢٣٩٢ ٢٩٧٤٠٧

CLEAR,
George Williams House,
Cranbury Place,
Southampton.
SO14 0LG
تەلەفۆن: ٠٢٣٨٠ ٢٢١١١١

Refugee Council ،ئەنجومەنی پەنابەران
خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری و پشتگیری منداڵان
Children's Advice and Support Service
241-250 Ferndale Road,
London.
SW9 8BB.
تەلەفۆن: ٠٢٠٧٥٨٢ ٤٩٤٧



## قۆناغی ٤: بڕیاردان

پێویستە بڕیاری دراو سەبارەت بە سەرکەوتنی بانگەشەکردنی پەناخوازیت لە ماوەی ٣٥ ڕۆژدا لە کاتی یەکەم پێشکەشکردنی داخوازنامەکەتەوە وەربگریت. ئاساییانە بەرپرسی دۆسیەکەت ڕوو بە ڕوو لە ئەنجامی بڕیارەکە ئاگادارت دەکاتەوە.

بەرپرسی دۆسیەکەت بۆی هەیە چوار بڕیار سەبارەت بە بانگەشەکردنی پەنابەریت بدات:

١. لەوانەیە باری پەنابەریت پێ ببەخشن. ئەمەش واتای ئەوەیە کە دەتوانی لە بەریتانیا بۆ ماوەی ئەوپەڕی ٥ساڵ بمێنیتەوە، بە لانی کەمەوە هەتاکو تەمەنت دەگاتە ½ ١٧ ساڵ. ئەو کاتە هۆم ئۆفیس دەتوانێت لە میانەی ئەم ٥ ساڵەدا چاوێک بە دۆسیەکەتدا بخشێنێتەوە بۆ تاقی کردنەوەی بەردەوامبوونی شیاوبوونت. ئەگەر لە کۆتایی ئەو ٥ ساڵەدا بارودۆخت نەگۆڕا، ئەو کاتە دەتوانی داخوازنامەیەک پێشکەش بکەیت بۆ مۆڵەتی نادیاری مانەوە (ILR). ئەمە مافی مانەوەیە لە بەریتانیا بۆ ئەوپەڕی ماوە بە ئارەزووی خۆت. ئەم داخوازنامەیە پێویستە **پێش** تەواو بوونی ٥ ساڵەکە پێشکەش بکەیت. ئەمە ئاساییانە دەبەخشرێت.

٢. لەوانەیە بانگەشەی پەناخوازیت ڕەت بکەنەوە بەڵام پاراستنێکی مرۆڤایەتیت (HP) پێ ببەخشن. لەوانەیە ئەم ڕەت کردنەوەیە بە هۆی ئەوە بێت کە تۆ مەرجە پێویستیەکانی پەنابەریت نیە بەڵام لە مەترسی زەبروزەنگدا دەبیت ئەگەر بگەڕێیتەوە وڵاتی ڕەسەنی خۆت. ئەگەر(HP)یت پێ بەخشرا، ئەوە بۆت هەیە لە بەریتانیا بۆ ماوەی ئەوپەڕی پێنج ساڵ بمێنیتەوە، بە لانی کەمەوە هەتا تەمەنت دەگاتە ½ ١٧ ساڵ. ئەو کاتە هۆم ئۆفیس لە میانەی ئەو ٥ ساڵەدا دەتوانێت چاوێک بە دۆسیەکەتدا بخشێنێتەوە بۆ تاقی کردنەوەی

بەردەوامبوونی شیاوبوونت. ئەگەر شیاو نەبووی، لەجیاتی ئەوە دەخرێیتە بەرچاو بۆ مۆڵەتی سنووردار (DL). ئەگەر لە کۆتایی ئەو ٥ ساڵەدا بارودۆخت نەگۆڕا، ئەو کاتە دەتوانی داخوازنامەیەک پێشکەش بکەیت بۆ مۆڵەتی نادیاری مانەوە (ILR). ئەمە مافی مانەوەیە لە بەریتانیا بۆ ئەوپەڕی ماوە بە ئارەزووی خۆت. پێویستە ئەمە **<u>پێش</u>** تەواو بوونی ٥ ساڵەکە پێشکەش بکەیت. ئەمە ئاساییانە دەبەخشرێت.

٣. لەوانەیە بانگەشەی پەناخوازیت ڕەت بکەنەوە بەڵام مۆڵەتی سنووردار (DL) ت پێ ببەخشن. لەوانەیە ئەم ڕەت کردنەوەیە بە هۆی ئەوە بێت کە تۆ مەرجە پێویستیەکانی پەنابەریت نیە بەڵام هۆم ئۆفیس نیگەرانە سەبارەت بە سەلامەتیت و ڕێکخستنەکانی چاودێریکردنت لە وڵاتی خۆت ئەگەر بگەڕێیتەوە. ئەم مۆڵەتە سنوورداره بۆ ماوەی ٣ ساڵ دەبەخشرێت یانیش هەتاکو تەمەنت دەگاتە ½ ١٧ ساڵ، کامەی کورتتر بێت. کاتێک کە دەگاتە نزیک کات بەسەرداچوونی (DL) ەکەت، دەتوانی داخوازنامەیەک پێشکەش بکەیت بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتەکە و/یان بۆ ILR.

٤. لەوانەیە بانگەشەی پەناخوازیت ڕەت بکەنەوە و (DL)ت پێ نەبەخشن چونکە قەناعەتیان هەیە کەوا سەلامەت و پارێزراو دەبیت کاتێک بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت.

ئەگەر دڵشاد نەبووی بەو بڕیارەی کە لەلایەن بەرپرسی دۆسیەکەتەوە وەرگیراوە، بۆت هەیە داوای تێهەڵچوونەوە بکەیت لە دادگای پەناخوازی و کۆچکردن. بەرپرسی دۆسیەکەت چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە و خێرایی پێشکەشکردنی داواکاری تێهەڵچوونەوەکەت بۆ ڕوون دەکاتەوە. پارێزەرەکەت پێی دەکرێت ڕاوێژکاریت پێشکەش بکات دەربارەی ئاخۆ تێهەڵچوونەوەکەت



## پەیوەندی بەسوود

### هۆم ئۆفیس IND/ پەیوەندیدار بە بانگەشەکردنی پەناخوازی

Lunar House,
40, Wellesley Road,
Croydon.
CR9 2BY
تەلەفۆن: ٠٨٧٠ ٦٠٦ ٧٧٦٦

یەکەی هاودەنگی پەنابەری، SEF(M) Asylum Co-ordination Unit
P.O. Box 1234,
Croydon,
CR9 1ZX.

بنکەی پرۆسەکردنی تێهەڵچوونەوە Appeals Processing Centre
Lunar House,
40, Wellesley Road,
Croydon,
CR9 2BY

## پرسیاری ڕەگەزنامە

فەرمانگەی ڕەگەزنامە و کۆچکردن ( Immigration and Nationality Directorate)
3rd Floor
India Buildings
Water Street
Liverpool L2 OQN.
ژمارەی تەلەفۆن: ٠١٥١ ٢٣٧ ٥٢٠٠

من زۆر دڵشاد نەبووم لە ژیانمدا لەگەڵ چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆیەکەم و بنەماڵەکەی.  ئەو لە پشتینەی کەڵتووری من تێنەدەگەیشت و ڕێگای پێ نەدەدام پەیوەندی بکەمە کەسانی UASC ی دیکە کە لە لۆریەکە لەگەڵمدا بوون و کە لە لەندەن نیشتەجێبووبوون. لەدواییدا لە لایەن کارمەندێکی مافەکانی مرۆڤی منداڵی چاودێرکراوەوە سەردانم کرا.  ئەو ئاگاداری مافەکانی خۆمی کردمەوە، بە تایبەتی مافی ئەوەی کە دەتوانم داوای گۆڕینی چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆی خۆم بکەم و مافی پەیوەندی کردن بە هاوڕێکانم لە لەندەن.  ئەو یارمەتی دام بۆ ڕێکخستنی گۆڕینی چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆیەکەم.  ئەمەش واتای گواستنەوەبوو بۆ شارێکی نوێ و خوێندنگایەکی نوێ، بەڵام من زۆر دڵشادتر بووم بەوە، هەرچەندە ڕەگەزپەرستی لە خوێندنگا نوێیەکەشدا هەر هەبوو.

پاش نزیکەی ساڵێک نامەیەکم پێگەیشت کە بانگەشەکردنی پەناخوازییەکەم ڕەت کراوەتەوە، و منیش بڕیارمدا داوای تێهەڵچوونەوە بکەم.  چاوم بە دوو پارێزەری نوێ کەوت کە یەکێکیان خەڵکی ئەتیوبیا بوو و برادەرەکەی لەندەنم بەکاری هێنابوو.  بڕیارم دا پارێزەرەکەی خەڵکی ئەتیوبیا بەکار بهێنم.  من سەرکەوتووبووم لە تێهەڵچوونەوەکەم و ئێستاکە مافی مانەوەم هەیە لە بەریتانیا بۆ ئەوپەڕی ماوە بە ئارەزووی خۆم و هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان پێم بکرێت بگەڕێمەوە ئەتیوبیا.



بنچینەیەکی بە پێی پێویستی هەیە و چەنێتی دەرفەتی سەرکەوتنت.  هەر ئەویش نووسینەوەی پێویستت بۆ ئامادە دەکات و دڵنیا دەبێتەوە کە لە کاتی خۆیدا بە دادگای پەنابەری و کۆچکردنی بگەیەنێت.  ڕێگات پێ دەدرێت بۆ مانەوە لە بەریتانیا هەتا کۆتایی پێهێنانی تێهەڵچوونەوەکە. وەها دانراوە کە تێهەڵچوونەوەکە نزیکەی ٦ هەفتە بخایەنێت بەڵام لەوانەیە لەم کاتە زیاتریش بخایەنێت.

ئەگەر تێهەڵچوونەوەکەت دۆڕاند، پێویستە بەریتانیا بەجێ بهێڵیت. بۆ گەڕاندنەوەت بۆ وڵاتی خۆت دەتوانی یارمەتی لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچکردن (IOM) بەدەست بهێنیت لە:

26 Westminster Palace Gardens
Artillery Row
London SW1P 1RR

تەلەفۆن (۰۲۰) ۷۲۳۳ ۰۰۰۱
فاکس (۰۲۰) ۷۲۳۳ ۳۰۰۱

ئیمەیل: varp@iomlondon.org

ماڵپەڕ: www.iomlondon.org

IOM ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە و پەیوەندی بە هۆم ئۆفیسەوە نیە.

ئەگەر بە ویستی خۆت بەریتانیات بەجێ نەهێشت، ئەوە هۆم ئۆفیس ڕەوانەت دەکاتەوە وڵاتەکەی خۆت.

ئەگەر سەرکەوتووبووی لە تێهەڵچوونەوەکەتدا، ئەوە باری پەنابەریت پێ دەبەخشرێت.  بۆت هەیە لە بەریتانیا بۆ ماوەی ئەوپەڕی ٥ ساڵ بمێنیتەوە و لەدواییدا داخوازنامە پێشکەش بکەیت بۆ ILR.

بەڵگەنامەی گەشتیاریت پێ دەدرێت و بۆت هەیە گەشت بکەیت بۆ هەر وڵاتێک جگە لەو وڵاتەی کە بووەتە هۆی پەناخوازیت. لە دواییدا، دەتوانی داوای ڕەگەزنامەی بەریتانی بکەیت. زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەمە بەردەستە لە:

فەرمانگەی ڕەگەزنامە و کۆچکردن
Immigration and Nationality Directorate
3rd Floor
India Buildings
Water Street
Liverpool L2 OQN.

ژمارەی تەلەفۆن ٠١٥١ ٢٣٧ ٥٢٠٠



و مۆڵەتیان پێدام یەکەم شەو لە بنکەی پۆلیسەکەدا بنووم. تەنانەت جۆری خواردنی منیشیان تاقی کردەوە - گوتم من مەسلمانم و ئەوانیش ویستیان دڵنیابن نەوەک خواردەمەنیەکم پێ بدەن کە ئایینەکەم مۆڵەتم پێ نادات بیخۆم.

سەر لە سبەینێی ڕۆژی دواتر، پۆلیس هەندێک پرسیاریان لێکردم بە هاوکاری زمانوەرگێڕێک کە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکردم. دواتر پۆلیس چاوپێکەوتنێکی ڕێکخست بۆ کارمەندێکی کۆمەڵایەتی فریاگوزاری و زمانوەرگێڕێک بۆ ئەوەی ڕوو بە ڕوو قسەم لەگەڵ بکەن. من زۆر دەترسام هیچ پرسیارێک بکەم و نەمدەزانی ئەگەر هیچ مافێکم هەیە. زمانوەرگێڕەکە ئاگاداری کردمەوە کە مافم هەیە بەڵام بە تەواوی ڕوونی نەکردەوە مافەکان چین. ئەو تەنها هێمنی کردمەوە.

کارمەندە کۆمەڵایەتیەکە جێگایەکی منداڵ گرتنەبەرخۆی فریاگوزاری بۆ ڕێکخستم. من چووم لەگەڵ بنەماڵەیەکی ئینگلیزی بژیم و تاقیکردنەوەشم بۆ کرا لەلایەن پزیشک، ددانساز و پسپۆری چاوەوە. چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆیەکەم جلوبەرگ و شتی دیکەی پێویستی بۆ کڕیم. من دەترسام داوای زۆرتر بکەم چونکە پێم وابوو کە ئەو پارەی ئەم شتومەکانە دەدات، بەڵام لە دواییدا بۆم دەرکەوت کە حکومەت پارەی ئەم شتومەکانەی پێدەدات. من دەستم کرد بە چوونە خوێندنگایەکی ناوخۆ و سەرسام بووم و تێکچووم لەو ڕەگەزپەرستییەی کە دووچاری بووم.

کارمەندی کۆمەڵایەتیم پارێزەرێکی بۆ دۆزیمەوە بۆ چارسەرکردنی بانگەشەی پەناخوازییەکەم. پارێزەرەکە پرۆسەی ڕووداوەکانی بۆ ڕوون کردمەوە. چاوپێکەوتنێکم بۆ ساز درا لەگەڵ فەرمانبەرێکی کۆچکردن بە ئامادەبوونی زمانوەرگێڕێک. فەرمانبەرەکە هەندێک فۆرمی پڕ کردەوە و ئاگاداری کردمەوە کە بڕیار وەرگرتن ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت.

## مافەکانت

تۆ مافت هەیە.  لە کاتێکدا کە بانگەشەی پەناخوازیت لە پرۆسەدا دەبێت و لەدوای ئەوەش ئەگەر پەنابەریت پێ بەخشرا، ئەم مافانەی خوارەوەت دەبێت بەبێ بەرامبەر:

- جێگایەکی پارێزراو بۆ نیشتەجێبوون و کەسێکی پێگەیشتووی بەرپرس بۆ چاودێری کردن و پاراستنت.
- خۆراک و جلوبەرگ و کەلوپەلی دیکەی پێویست بۆ ژیان بردنەسەرێکی گشتی، بۆ نموونە، کەلوپەلی خوێندنگا/ کۆلێژ.
- چاودێری پزیشکی لە کاتی پێویستدا.  ئەمەش بریتیە لە دەستباربوون بە هەموو خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی نیشتمانی (NHS) وەک پزیشک، نەخۆشخانە، پزیشکی ددان و پسپۆری چاو.
- فێرکاری لە خوێندنگایەک یان کۆلێژێکی ناوخۆ.
- ژەمی خواردنی بەخۆڕایی لە خوێندنگادا.
- فێرکاری زانکۆ ئەگەر پێداویستیەکانی قبووڵ کردنی زانکۆت هەبێت لەسەر  هەمان بناغەی هەر قوتابیەکی بەریتانی دیکە (لەوانەیە هەندێک تێچوون بسەپێندرێت).
- مافی کارکردن لە بەریتانیا.

هەروەها ئەگەر دڵشاد نەبویت بە هەر یەکێک لەم خزمەتگوزاریانەی کە بەدەستی دەهێنیت، مافی سکاڵاکردنت هەیە.  بۆ نموونە، ئەگەر هەر گرفتێکت هەبێت سەبارەت بە جێگای نیشتەجێکردنەکەت، بۆت هەیە داوای گواستنەوە بکەیت بۆ جێگایەکی دیکە.



## ئەزموونی کەسێکی UASC خەڵکی ئەتیوبیا

من لە ئەتیوبیاوە هاتووم.  تەمەنم ١٦ ساڵە.  دایکم خەڵکی ئەریتیریایە و باوکم خەڵکی ئەتیوبیایە.  من منداڵێکی تاقانەم.  کە تەمەنم ٥ ساڵ بوو دایکم لە بەر جەنگی نێوان ئەتیوبیا و ئەریتیریا ڕەوانەی ئەریتیریا کرایەوە و من لەو کاتەوە قەت چاوم بە دایکی خۆم نەکەوتوەتەوە و لەگەڵ باوکم و داپیرەم دەژیام.

کە تەمەنم بووە ٨ ساڵ باوکم ونبوو.  پێم وایە لەلایەن حکومەتەوە لەبەر بەشداربوونی لە سیاسەتدا کوژرا.  من هەرگیز نەمزانی چی بەسەرهات.

کە تەمەنم گەیشتە ١٤ ساڵ، داپیرەم مرد و کەسم نەبوو چاودێریم بکات. پۆلیس پرسیاریان لێکردم دەربارەی چالاکی سیاسی باوکم و هەڕەشەیان لێدام و ٥ ڕۆژ لە بنکەی پۆلیس گلیان دامەوە.

من بڕیارمدا کەوا مانەوەم لە ئەتیوبیا زۆر مەترسیدارە بە تایبەتی بە هۆی ئەوەی کەسێک نەبوو چاودێریم بکات.  خاڵم گوتی ئەگەر من خانووی داپیرەم بفرۆشم و پارەکەی پێ بدەم ئەو دەتوانێ گەیشتنم بۆ بەریتانیا ڕێک بخات.  من زۆر دەترسام بەڵام هەستیشم دەکرد کە هیچ دەرفەتیکی دیکەم نەماوە و بۆیەش رازی بووم.

من بەرەو فەرەنسا چووم بە پەسەپۆرتێکی ساختە.  دوای ئەوە لەگەڵ زۆر پەناخوازانی دیکە سواری پشتی لۆریەک بووم و بەناو تونێلی کەناڵەکەدا بەرەو بەریتانیا بەڕێ کەوتین.  لۆریەکە لە وینچەستەر ڕاوەستا و هەموومان هاتینە خوارەوە.  شوفێری لۆریەکە پشتی لۆریەکەی کردەوە، و چاوی بە ئێمە کەوت و بانگی پۆلیسی کرد.  من برامە بنکەی پۆلیس. من دەترسام و تێنەدەگەیشتم چی بووە.  پۆلیسەکان زۆر بە جوانی مامەڵەیان لەگەڵ کردم و ئاو و خواردن و بەتانییان پێدام

## نیشتەجێکردن: جێگایەکی پارێزراو بۆ ژیان

کاتێک بانگەشەی پەناخوازیت دەکەیت، هۆم ئۆفیس زانیاری دەربارەی تۆ ڕەوانە دەکاتە بەشی چاودێری کۆمەڵایەتی ناوخۆ. ئەمە بەشێکی حکومەتە کە بەرپرسە لە چاودێری کردنی ئەو منداڵانەی کە کەسێکی پێگەیشتوویان نیە بۆ چاودێری کردنیان. بەشی چاودێری کۆمەڵایەتی جێگایەکی پارێزراوت بۆ پەیدا دەکات بۆ نیشتەجێبوونت و دەستباربوونی شتومەکەکانی دیکەی پێویست بە ژیان لە بەریتانیات بۆ ڕێک دەخات. کارمەندێکی سەرەکیشت بۆ تەرخان دەکات کە دەبێتە ئەو کەسەی کە دەتوانی باسی هەموو بوارێکی ژیانی خۆتی لەگەڵدا بکەیت. ئەمە هەندێک جار ئاماژەی بۆ دەکرێت بە 'چاودێرکراویی'.

لەوانەیە لەگەل چاودێرێکی منداڵ گرتنەبەرخۆ دابنرێیت. ئەم چاودێرە کەسێکە کە هامشایر پارەی پێ دەدات بۆ چاودێری کردنی منداڵی بێکەس. تۆ وەک ئەندامێکی ئەو خێزانە لەو ماڵەدا دەژیت. چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆیەکە هەموو شتومەکی پێویستت بۆ دابین دەکات وەک خواردن، جلوبەرگ، کەلوپەلی پاکژی، کەلوپەلی خوێندنگا/کۆلێژ و هیتر. ئامێری گواستنەوەتیش بۆ دابین دەکات کاتێک پێویستیت بە گواستنەوە هەبێت لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکە یانیش پارەت پێ دەدات بۆ سواربوونی پاس و شەمەندەنەفەر. هەروەها خەرجی بەردەستیی هەفتانەت پێ دەدات کە بڕێکی پارەیە بۆ ئەوەی بە هەوەسی خۆت خەرجی بکەیت. ئەگەر هەستت کرد کە شتێک هەیە تۆ پێویستیت پێیە و چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆیەکەت دابینی نەکردووە، ئەوە دەتوانی پێی بڵێیت و نابێت بکشێیتەوە و بترسیت - تێچوونی ئەو پێویستیانە لە لایەن هامشایرەوە دەدرێت نەک لە لایەن چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆیەکەتەوە.

هەندێک زانیاری دەربارەی پشتینەی تۆ دەدرێتە چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆیەکەتەوە وەک زانیاری دەربارەی ئەوەی لە چ وڵاتێکەوە هاتووی، بە چ زمانێک قسە دەکەیت و ئایینەکەت. بەخشینی ئەم زانیاریانە بۆ دڵنیابوونە کە دەستت بگاتە هەر شتێک کە پێویستیت پێی هەبێت و پەیوەندی هەبێت بە پشتینەی کەلتووری خۆتەوە. بۆ نموونە، لەوانەیە پێت نەکرێت هەموو جۆرە خواردنێک بخۆیت، لەوانەیە



دەتوانی ئیمەیلیش بنێریت لە هەندێک لە تەلەفۆنە گشتیەکانەوە، یان لە دوکانی ئینتەرنێتەوە یاخود بێ بەرامبەر لە کتێبخانەی گشتیەوە.

## دۆزینەوەی ئەندامانی خێزان کە لێیان جیا بوویتەوە

ئەگەر هیچ پەیوەندیەکت نەماوە لەگەڵ کەسوکارت و دەتەوێت هەوڵ بدەیت پەیوەندییان پێوە بکەیت، ڕێکخراوێک هەیە بە ناوی خاچی سوور (Red Cross) دەتوانن یارمەتیت بدەن. خاچی سوور لە کەسانی وونبوو دەگەڕێن. هەروەها دەتوانن نامە بگەیەننە خەڵکانێک کە پێگەیشتنیان سەختە بە هۆی ئەوەی کە لە کەمپی پەنابەرانن یانیش لە زینداندان. دەتوانی پەیوەندی بەو ڕێکخراوە بکەیت لەسەر:

کۆمەڵگای خاچی سووری بەریتانی (British Red Cross Society)
بەشی ئاسوودەیی نێودەولەتی (International Welfare Department)
کەرتی یەکگرتنەوەی خێزان (Family Reunion Section)
9 Grosvenor Crescent,
London.
SW1X 7EJ.

تەلەفۆن: ٠٢٠ ٧٢٣٥ ٥٤٥٤

پێویستیت به جۆره جلوبەرگێکی تایبەت هەبێت یانیش ئارەزووی ئامادەبوونی هەندێک پەرستگای تایبەتیت هەبێت.  پێویسته ئەگەر هەر شتێکی تایبەت که پێویستت پێی هەبێت و بۆت دابین نەکرابێت، داوای بکەیت.  بەشەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی، به پێی توانا، هەوڵ دەدەن منداڵان لەگەڵ ئەو جۆره خێزانانه  که هەمان پشتینەیان هەیه دامەزرێنن، بەڵام ئەمه هەموو کاتێک له هامشایر نایەته ئاراوه به هۆی نەبوونی چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆی پشتینەی کەڵتووری هەمەجۆر.

ئەگەر بەهەر شێوەیەک شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بەدڵ نەبوو، پێویسته له سەرەتادا لەگەڵ چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆیەکەی خۆتدا قسه بکەیت.  ئەگەر کێشەکەت بەوە چارەسەر نەکرا، قسه لەگەڵ کارمەندی سەرەکی خۆت بکە.  ئەگەر به تەواوی نارەحەت و ناشاد بوویت، بۆت هەیه داوای گۆڕینی خێزانی چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆیەکەی خۆت بکەیت به خێزانێکی چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆیەکی دیکه.

## چاودێری پزیشکی

تۆ مافی هەر چاودێرییەکی پزیشکی پێویستت هەیه له ڕێگای (NHS)ەوە (خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی). ئەم خزمەتگوزاریه بێ بەرامبەرە وهیچ پارەدانێکت لێ داوا ناکرێت. NHS چاودێری پزیشکی گشتی له بەریتانیا دابین دەکات.  تۆ مافی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریه دابینکراوەکانی (NHS)ت هەیه هەر وەکو هەر هاوڵاتیەکی بەریتانی دیکه.  له ڕێگای(NHS)ەوە تۆ دەستباربوونی ئەمانەی خوارەوەت هەیه:



و هەروەها کاتی سبەینان کراوەن و چالاکی وەک مەلەوانی، تۆپی پێ، تۆپی تەنس، تۆپی تەنسی هەوا، سکواش، جودۆ، یۆگا و زۆر یاری دیکەش دەبەخشن.  زۆریشیان هۆڵێکی پڕ کەلوپەلی جیمنازیۆمیان تێدایه.  دەتوانی جێگای نزیکترین بنکه بدۆزیتەوە به پرسیار کردن له چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆیەکەی خۆت یانیش له کارمەندە سەرەکیەکەت.  وردەکاری و زانیاری دەربارەی ئەم بنکانەی کات بەسەربردن و وەرزش له ڕابەری تەلەفۆن و لاپەڕە زەردەکان بەردەسته.  بیاندۆزەوە له ژێر ناونیشانی 'بنکەکانی وەرزش و کات بەسەربردن' (sports and recreation centres) یان 'بنکەکانی کاتی حەوانەوە' (leisure centres).
بەشداریکردن لەم چالاکیانه به پارەیه.

زۆر له ناوچەکانی هامشایر هەروەها یانەی لاوانی تێدایه که لەوانەیه پێت خۆش بێت له کاتی بەتاڵبوونتدا سەردانیان بکەیت.  ئەم یانانه بەشێوەیەکی ئاسایی کاتی ئێواران له چەند ڕۆژێکی تایبەتی هەفتەکەدا دەکرێنەوە.  ئەم یانانه له لایەن کارمەندانی لاوەوە بەڕێوە دەبرێن و ئەوان هەندێک چالاکی کاتی حەوانەوە ڕێک دەخەن و هەروەها جێگایەک بۆ لاوان تەرخان دەکەن بۆ تێکەڵبوون و چاوپێکەوتنی خەڵک.  چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆی خۆت یان کارمەندە سەرەکیەکەت دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ دۆزینەوەی نزیکترین یانەی لاوان له جێگای نیشتەجێبوونتەوە.

## پەیوەندیکردن به کەسوکار و هاوڕێ له وڵاتی خۆت

تەلەفۆنی گشتی به وردە پاره یان به کارتی پێشتر کڕاو کار دەکات. تەلەفۆن کردن بۆ دەرەوەی بەریتانیا به بەکارهێنانی وردە پاره له تەلەفۆنه گشتیەکانەوە زۆر گرانه.  ئەگەر بتەوێت تەلەفۆنی وڵاتی خۆت بکەیت، هەرزانتره ئەگەر کارتێکی تەلەفۆنی نێودەوڵەتی بکڕیت. دەتوانی ئەو جۆره کارتانه له زۆربەی فرۆشگاکاندا بکڕیت – تەماشای هێمای ئەو کارتانه له پەنجەرەی فرۆشگاکاندا بکه.

- پزیشکێک (کە بە جی پی G.P. تۆ دەناسرێتەوە). دەتوانی لەگەڵ ئەودا باسی هەر کێشەیەکی پزیشکی بکەیت. هەموو گفتوگۆیەکانی نێوان تۆ و (جی پی) یەکەت نهێنیە.
- پسولەی چارەسەری پێویست – پزیشکەکەت 'پسولەیەکت' پێ دەدات (پارچە کاغەزێکی تایبەت) کە دەیبەیتە دەرمانگا بۆ وەرگرتنی دەرمانی پێویست. ئەم دەرمانە بێ بەرامبەرە و هیچ پارەیەکی پێ نادەیت.
- نەخۆشەوانێکی شارەزا بۆ هەندێک ڕەوش/ ڕاوێژکاری پزیشکی بچووک، کە دەتوانی پرسیار دەربارەی داو دەرمانی دژ منداڵبوون و تەندروستی ژیانی سێکسیشی ئاراستە بکەیت.
- خزمەتگوزاریەکان/ ڕاوێژکاری تەندروستی دەروونی – کەسێکی ڕاهێنراو بۆ لێدوان کردن لەگەڵیدا دەربارەی هەر ئەزموونێکی کارەساتانە کە لەوانەیە لە وڵاتی خۆت بەسەرتدا هاتبێت، یاخود بۆ لێدوان دەربارەی هەر بارێکی دیکە.
- ددانساز
- پسپۆڕی چاو – بۆ تاقیکردنەوەی بێ بەرامبەری چاو و چاویلکە.
- نەخۆشخانە، کە ڕووداو و فریاگوزاریش دەگرێتەوە.

کارمەندی سەرەکیت یان چاودێری منداڵ گرتنەبەرخۆیەکەت توانای هاوکاریکردنی تۆیان هەیە بۆ دەستباربوونی ئەم خزمەتگوزاریانە. ئەگەر داوای زمانوەرگێرێک بکەیت بۆ یاوەری کردنت کاتی چوونت بۆ ژوانێکی پزیشکی، کارمەندە سەرەکیەکەت دەتوانێ خزمەتگوزاری پەیوەندیدار ئاگادار بکاتەوە بۆ ڕێکخستنی زمانوەرگێرێک.



## تەمەنی ١٥-١٦ ساڵ

- لە میانەی خولی خوێندندا بۆت هەیە هەفتانە بۆ ئەوپەڕی ١٢ کاتژمێر کار بکەیت و هەفتانە بۆ ئەوپەڕی ٣٥ کاتژمێر لە پشووی خوێندنگادا.
- بۆت نیە پێش کاتژمێر ٧ی سەر لە بەیانی یان پاش کاتژمێر ٧ی ئێوارە کار بکەیت.
- لە ڕۆژانی خوێندنگادا بۆت هەیە تەنها بۆ ماوەی ئەوپەڕی ٢ کاتژمێر کاربکەیت. و دەکرێت تەنها ١ کاتژمێری ئەوە پێش کاتی خوێندنگا بێت.
- بۆت هەیە ڕۆژانی شەممە بۆ ئەوپەڕی ٨ کاتژمێر کار بکەیت.
- بۆت هەیە ڕۆژانی یەکشەممە بۆ ئەوپەڕی ٢ کاتژمێر کار بکەیت.
- لە میانەی پشووی خوێندنگادا بۆت هەیە ڕۆژانە بۆ ئەوپەڕی ٨ کاتژمێر کار بکەیت، بەڵام نابێتیش کۆی گشتی هەفتانەت لە ٢٥ کاتژمێر تێپەڕ بێت.

لە بەریتانیا کەمترین کرێ بۆ کارمەندانی تەمەن ١٦ ساڵ و سەرووی ئەوە هەیە. خاوەنکاران نابێت لەو کرێیە کەمترت پێ بدەن. ئەمە ئێستاکە £٣,٥٣ بۆ هەر کاتژمێرێک بۆ تەمەنی ١٦ و ١٧ ساڵ (ئەم کرێیە بەرز دەبێتەوە بۆ £٣,٥٧ لە بەرواری ١ی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩) و £٤,٧٧ بۆ هەر کاتژمێرێک بۆ تەمەنی ١٨ تا ٢١ ساڵ (ئەم کرێیە بەرز دەبێتەوە بۆ £٤,٨٣ لە بەرواری ١ی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩).

## وەرزش و دەرفەتی کات بەسەربردن

هامشایر زۆر جێگای تێدایە کە بتوانی بەشداری چالاکی وەرزشی یان چالاکی کات بەسەربردنی دیکەی تێدا بکەیت. زۆربەی شار و شارۆچکە گەورەترەکان بنکەی ڕابواردنیان تێدایە کە بۆت هەیە کاتی بەتاڵبوونت تێدا ببەیتە سەر. ئەم بنکانە لە پشووی هەفتەکان و ئێواران

## فێرکاریی

تۆ مافی چوونە خوێندنگا یان کۆلێژت هەیە (بەگوێرەی تەمەنت) بەبێ بەرامبەر هەتاکو تەمەنت دەگاتە ١٩ ساڵ. ئەگەر باری پەنابەریت پێ بەخشرا، تەمەنەکە دەبێتە ٢١ ساڵ یان لەوانەیە لەو تەمەنە زیاتریش و تێچوونی زانکۆشت بۆ دەدرێت (لەوانەیە هەندێک تێچوون بسەپێندرێ).

تۆ ئامادەی خوێندنگایەک یان کۆلێژێکی ناوخۆی نزیک جێگای نیشتەجێبوونی خۆت دەبیت و مافی هەمان فێرکاری منداڵانی هاوتەمەنی خۆت دەبێت. هەندێک جیاوازی لە نێوان سیستەمی فێرکاری بەریتانیا و سیستەمی فێرکاری وڵاتەکەی خۆت هەیە. ئەم جیاوازیانە لێرەدا ڕوون کراونەتەوە:

## خوێندنگا

- لە بەریتانیا خوێندنگا بەسەر هەموو کەسێکی تەمەن ٥ هەتا ١٦ ساڵدا سەپێندراوە.
- پاش تەمەنی ١٦ ساڵی، بۆت هەیە بەردەوام بیت لە خوێندندا بە شێوەی شەشەم یان بە کۆلێژ، بەڵام بۆتیش هەیە، ئەگەر بتەوێت، خوێندنگا بەجێ بهێڵیت.
- خوێندنگا بۆ منداڵانی تەمەن ٥ هەتا ١١ ساڵی بە خوێندنگای سەرەتایی دەناسرێتەوە. هەندێک جار خوێندنگای جیا هەیە بۆ منداڵانی تەمەن ٥ هەتا ٧ ساڵی و بە خوێندنگای ساوایان (Infant schools) دەناسرێتەوە، و بۆ تەمەن ٧ – ١١ ساڵی بە خوێندنگای نەوجەوان (Junior schools) دەناسرێتەوە.
- خوێندنگای خوێندکارانی تەمەن نێوان ١١ و ١٦ ساڵی بە خوێندنگای دواناوەندی دەناسرێتەوە. هەندێک لە خوێندنگا دواناوەندیەکان 'شێوەی شەشەمیان' هەیە، ئەمەش واتای ئەوەیە



ئەگەر باری پەنابەری یان HP/DLت پێ بەخشرابێت و تەمەنت بە لانی کەم ١٣ ساڵ بێت، مافی کار کردنت هەیە لە بەریتانیا و پێویستیت بە مۆڵەتی کارکردن نیە.

هەندێک یاسا هەیە سەبارەت بە کاتژمێر و کاتەکانی مۆڵەت پێدراو بۆ کارکردن. ئەم یاسایانە دەسەپێنە سەرتدا ئەگەر تەمەنت ١٦ ساڵ یان خوارووی ئەوە بیت و هێشتا لە خوێندنگادابیت. یاساکان بۆ پاراستنی تۆیە و بۆ دڵنیابوونە کە ژمارەی کاتژمێری کارکردنت یانیش کاتی کارکردنەکە کاریگەریی نابێت بۆ سەر فێرکاریەکەت.

**تەمەنی ١٣ – ١٤ ساڵ**

- لە میانەی خولی خوێندندا بۆت هەیە بۆ ماوەی ١٢ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کار بکەیت و هەتا ٢٥ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا لە پشووی خوێندنگادا.
- بۆت نیە پێش کاتژمێر ٧ی سەر لە بەیانی یان پاش کاتژمێر ٧ی ئێوارە کار بکەیت.
- لە ڕۆژانی خوێندنگادا بۆت هەیە تەنها بۆ ماوەی ئەوپەڕی ٢ کاتژمێر کاربکەیت. و دەکرێت تەنها ١ کاتژمێری ئەوە پێش کاتی خوێندنگا بێت.
- بۆت هەیە ڕۆژانی شەممە بۆ ئەوپەڕی ٥ کاتژمێر کار بکەیت.
- بۆت هەیە ڕۆژانی یەکشەممە بۆ ئەوپەڕی ٢ کاتژمێر کار بکەیت.
- لە میانەی پشووی خوێندنگادا بۆت هەیە ڕۆژانە بۆ ئەوپەڕی ٥ کاتژمێر کار بکەیت، بەڵام نابێتیش کۆی گشتی هەفتانەت لە ٢٥ کاتژمێر تێپەڕ بێت.

ئەم خوێندنگایانە خوێندکارانی نێوان تەمەنی ١٦ و ١٨ ساڵیشیان تێدایە.

- زۆربەی زۆری خوێندنگاکان بۆ کچان و کوڕانە بەڵام هەندێکیش هەیە کە تەنها بۆ کچانە یان تەنها بۆ کوڕانە (بە زۆری خوێندنگا دواناوەندیەکان).
- هەندێک لە خوێندنگاکان گرێدراوی باوەڕێکی تایبەتن وەک خوێندنگاکانی کاتولیک و کلیسەی خوێندنگاکانی بەریتانیا.
- زۆربەی خوێندنگاکان جلوبەرگی ڕەسمییان هەیە.
- تۆ بەگوێرەی تەمەنت لە پۆلێک دادەنرێیت، نەک بە گوێرەی ئەزموونی فێرکاری پێشووترت یان پسپۆڕیت لە بابەتە تایبەتەکاندا یانیش ڕادەی چاکی قسەکردنی زمانی ئینگلیزیت.
- هەر ساڵێک بۆ گروپی ساڵی دواتر بەرەو پێشەوە دەچیت، بەبێ ڕەچاوکردنی چاکی ئەم بەرەوپێشچوونە لە لایەنی ئەکادیمیەوە. لە بەریتانیا تۆ قەت "ناسەرکەوتوو نابیت" و "دووبارە کردنەوەی ساڵ" نیە.
- هەموو خوێندنگاکان هەمان جۆرە بابەت دەخوێنن. ئەمەش پێی دەگوترێت بەرنامەی خوێندنی نیشتمانی.
- تاقیکردنەوەی .G.C.S.E (بروانامەی گشتی فێرکاری دواناوەندی) لە ساڵی ١١ دا هەیە، کاتێک تەمەنی هەموو خوێندکاران دەگاتە ١٦ ساڵی. زۆربەی زۆری خوێندکاران ١٠ بابەت وەردەگرن. ئەم بروانامەیە زۆر بەبایەخە چونکە بەتوانات دەکات بۆ چوونە ناو کۆلێژەوە یانیش هاوکاریت دەکات بۆ بەدەستهێنانی کارێک لە بەریتانیا کاتێک بڕیارت دا خوێندنگا بەجێ بهێلیت.
- هەروەها دیپلۆمیش هەیە کە جۆرێکی بروانامەیە لە جیاتی .G.C.S.E. ئەم دیپلۆمانە بروانامەی پیشەسازین.



## زانکۆ

کاتێک تەمەنت دەگاتە ١٨ ساڵ دەتوانی داخوازنامە بۆ زانکۆ یان بۆ خوێندنی باڵا پێشکەش بکەیت. هیچ سنوورێکی تەمەن بەرزی نیە. هەرچەندە، دەبێ پێداویستیەکانی چوونە ناوەوەت هەبێت. ئەم پێداویستیانە بەگوێرەی زانکۆ دەگۆڕدرێن و هەروەها بە گوێرەی جۆری ئەو خولانەی ئارەزووت هەیە بیخوێنیت. فۆرمی شەشەم یان کۆلێژی زیاتر فێرکاری خۆت دەتوانن ئاگادارت بکەنەوە بە چۆنیەتی پێشکەشکردنی داخوازنامەکەت و چی شیانداریەکت پێویستە. هەروەها دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی زانکۆ هەمەجۆرەکان کە ئەو خولانەی تۆ پێت خۆشە بیخوێنیت تێدا هەن بۆ ئەوەی بڕیار بدەیت داخوازیەکەت پێشکەش کامە لەم زانکۆیانە بکەیت.

ئەگەر باری پەنابەری یان باری HP/DL ت پێ بەخشرابێت ئەوە بە هەمان شێوەی مامەڵە کردن لەگەڵ خوێندکارێکی بەریتانی مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت سەبارەت بە پارەدان. ئەگەریش تۆ پێشتر لە لایەن بەشی چاودێری کۆمەڵایەتییەوە "چاودێر کراوی" ئەوە لەلایەن ئەوانەوە پشتگیری دارایی دەکرێیت.

## کارکردن لە بەریتانیا

ئەگەر تۆ پەناخوازێکی کە چاوەڕوانی بڕیاری بانگەشەکەت دەکەیت، دەتوانی ٦ مانگ دوای پێشکەشکردنی بانگەشەکەت کار بکەیت بەمەرجی ئەوەی تەمەنت بە لانیکەم ١٣ ساڵ بێت، بەڵام پێویستیت بە مۆڵەتی کارکردن هەیە. پێویستە خۆت داخوازنامەیەک بۆ هۆم ئۆفیس پێشکەش بکەیت بۆ وەرگرتنی ئەم مۆڵەتە.

14 Dufferin Street
London.
EC1Y 8PD
تەلەفۆن: ٠٢٠ ٧٤٢٦ ٥٨٠٠
هێڵی ڕاوێژکاری: ٠٢٠ ٧٤٢٦ ٥٨٠١ (سێ شەممان و پێنج شەممان، کاتژمێر ٢,٣٠ – ٥ی دوای نیوەڕۆ)

RETAS ڕاوێژکاری و یارمەتی پێشکەشی پەناخوازان و پەنابەرانی سەرووی تەمەنی ١٨ ساڵی دەکات.

- ئەنجومەنی پەنابەران، کەرتی ڕاهێنان و کارپێکردن

Refugee Council, Training & Employment Section,
240 250 Ferndale Road,
London.
SW9 8BB.
تەلەفۆن: ٠٢٠ ٧٣٤٦ ٦٧٠٠
سەردان: دووشەممە تا هەینی، ١٠ی پێش نیوەڕۆ – ١٢ی نیوەڕۆ
هێڵی ڕاوێژکاری: ٠٢٠ ٧٣٤٦ ٦٧٦٠ (١٠ی پێش نیوەڕۆ – ١ی دوای نیوەڕۆ، ٢- ٤ی دوای نیوەڕۆ، دووشەممە تا هەینی).



بەداخەوە هەندێک جار لە خوێندنگاکانی هامشایردا شەڕەنگیزی و ڕەگەزپەرستی ڕوو دەدات. هەرچەندە، ئەمە ڕەوشتێکی قبووڵکراو نیە و زۆر بە جیددی لە قەڵەم دراوە.
لەوانەیە شەڕەنگیزی و ڕەگەزپەرستی ببێتە مایەی ناشادی و نارەحەتییەکی زۆر. پێویستە ئەگەر تووشی ئەمە بوویت یەکسەر بە مامۆستایەکی ڕابگەیەنیت. ئەگەر گرفتەکە بەوە کۆتایی پێ نەهات، دڵنیا بە لە ئاگادار کردنەوەی مامۆستاکان کە هێشتا گرفتەکە هەر ماوە.
هەندێک ڕێکخراویش هەیە کە دەتوانی دەربارەی شەڕەنگیزی و ڕەگەزپەرستی لەگەڵیاندا بدوێیت.

- چایەڵد لاین (Childline): هێڵێکی یارمەتیدانی تەلەفۆنی بێ بەرامبەرە کە ڕۆژانە هەر ٢٤ کاتژمێرەکە کراوەیە. دەتوانی لە هەر کاتێکدا لەگەڵ ڕاوێژکارێکی ڕاهێنراو دەربارەی هەر شتێک بەتەوێت قسە بکەیت.
  تەلەفۆن: ٠٨٠٠ ١١١١
  ماڵپەڕ: www.childline.org.uk

- کیدسکێپ (Kidscape): هێڵێکی یارمەتیدانی تەلەفۆنە کە ڕاوێژکاری دەربارەی شەڕەنگیزی پێشکەش دەکات (پێویستە پارەی پەیوەندیەکە بدەیت).
  تەلەفۆن: ٠٢٠ ٧٧٣٠ ٣٣٠٠

لە خوێندنگاکانی بەریتانیا ڕۆژانە چالاکییەکی پەرستن پێویستە ساز بدرێت، هەندێک جار ئەمە بە 'پەرستنی بەکۆمەڵ' دەناسرێتەوە. ئەم چالاکییە پێویستە سروشتێکی 'بەرفراوانی مەسیحی' هەبێت. چالاکی پەرستن دەکرێ بەشێک بێت لە کاتی 'کۆبوونەوە' کە هەموو خوێندنگاکە یان تەنها بەشێکی، بۆ نموونە یەک لە گرووپە هاوتەمەنیەکان، پێکەوە کۆ دەبنەوە. ئەم چالاکیە دەکرێت لە پۆلدا ساز بدرێت لە لایەن مامۆستای پۆلەکەوە (لە خوێندنگای سەرەتایی) یانیش لە لایەن مامۆستای فۆرمەوە (خوێندنگای دواناوەندی). ئەگەر وەها بە پەسەندت نەزانی کە بەشدار بیت لەم چالاکییە ڕۆژانەی پەرستندا

لەوانەبێت بە هۆی جیاوازی ئایینەکەتەوە، ئەوە بۆت هەیە ئامادە نەبیت. کاتێک بڕیار دەدەیت ئامادەی پەرستنی بەکۆمەڵ نەبیت، پێویستە مامۆستای پۆلەکەت یان مامۆستای فۆرمی خۆت ئاگادار بکەیتەوە.

ئەگەر ئارەزووی جێگایەکی بێ دەنگت هەبێت بۆ نوێژ کردن بەتەنها یان لەگەڵ گروپێکی خوێندکارانی دیکەدا کە هەمان ئایینی تۆیان هەیە لە میانەی کاتی خوێندنگادا، خوێندنگاکەت دەتوانێ ژوورێکی شیاوتان بۆ دابین بکات.  ئەم ژوورە لەوانەیە بە درێژایی ساڵ بەردەست بێت یانیش تەنها بۆ ماوەیەکی تایبەتی ساڵەکە، بۆ نموونە،  بۆ مانگی رەمەزان.

ئەگەر ئارەزووی سەردانی پەرستگات هەیە لە دەرەوەی کاتەکانی خوێندنگادا، کارمەندە سەرەکیەکەت دەتوانێ ئاگادارت بکاتەوە لە شوێنی پەرستگاکانی ناوچەی ناوخۆی خۆت.

## ڕاوێژکاریی پیشە

ڕێکخراوێک هەیە بە ناوی کۆنێکشنس کە تایبەتە بە پێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی پیشە و ڕاوێژکاریی دیکە دەربارەی زنجیرە کاروبارێک کە کاریگەری هەیە لەسەر لاوانی تەمەن ١٣ هەتا ١٩ ساڵیدا (یان هەتا تەمەنی ٢٥ ساڵی بۆ کەسانی بێ توانا).  ئەو ڕێکخراوە ڕاوێژکارانی تاکە کەسیی دابین دەکات کە توانای بەخشینی ڕاوێژکارییان هەیە دەربارەی هەر بارودۆخێک کە تووشت دەبێت.  ئەمانە لە خوێندنگاکان، کۆلێژەکان و بنکەکانی زانیاری لە سەرانسەری هامشایردا بەردەستن.  ماڵپەڕەکەیان ئاگادارت دەکاتەوە بە نزیکترین نوسینگەی زانیاریان بۆ تۆ.  هەروەها نامیلکەی زانیاریشیان هەیە کە بەردەستە لەسەر ماڵپەڕەکەیان بەم زمانانە: بەنگالی، چینی، کوردی، نیپالی، پۆلۆنی، پەنجابی، سۆمالی و ئوردو.

www.hampshireconnexions.co.uk



## کۆلێژی فێرکاری زیاتر

کۆلێژی فێرکاری زیاتر زنجیرەیەکی خولی بەرفراوانی هەمەجۆری هەیە.  هەندێکیان ئەکادیمین، کە ئەنجامەکەی دەستەبەرکردنی بڕوانامەیە وەک .G.C.S.E یان A Levels، و دەبێتە هۆی درێژەپێدانی خوێندن لە زانکۆدا.  ئەوانەی دیکە پیشەسازین (کە پەیوەندیان هەیە بە شارەزایی پێویست بە کارێکی تایبەت وەک میکانیکی ئۆتۆمۆبیل یان جوانکاری قژ) وەک N.V.Qs (بڕوانامەی پیشەسازی نیشتمانی) و G.N.V.Q.s (بڕوانامەی پیشەسازی نیشتمانی گشتی).  هەروەها خولیش هەیە بۆ چاکتر کردنەوەی زمانی ئینگلیزیت بە ناوی خولی .E.S.O.L (زمانی ئینگلیزی بۆ ئەوانەی بە زمانێکی دیکە قسە دەکەن).  بۆت هەیە ئەو جۆرە خولەی کە پێت خۆشە هەڵبژێریت و بیخوێنیت.

خولەکان دەکرێت بە تەواوی ڕۆژ بێت یان بەشە کاتێکی ڕۆژەکە بێت. دەکرێت بە شێوەی بەشەکات کار بکەیت و لەهەمان کاتیشدا بخوێنیت.

لە زۆربەی زۆری فۆرمی شەشەم و فێرکاری زیاتری کۆلێژەکاندا خولەکان بەبێ بەرامبەر دەبن ئەگەر باری پەنابەریت پێ بەخشرابێت یان لە باری HP/DL دا بیت.  ئەگەر تۆ داواکارێکی پەناخوازی بیت کە چاوەڕوانی بڕیاری هۆم ئۆفیس دەکەیت و تەمەنت لە نێوان ١٦ و ١٨ ساڵیدابێت ، ئەوە خولەکان بەبێ بەرامبەر دەبن.
ئەگەر لەو تەمەنە گەورەتربیت، ئەوە لەوانەیە پێویست بێت تێچوونی خوێندنەکەت بدەیت.

هەندێک ڕێکخراوی تایبەت هەن کە دەتوانن ڕاوێژکاریت پێشکەش بکەن دەربارەی فێرکاری زیاتر:

- ڕاوێژکاری فێرکاری و ڕاهێنانی پەنابەران

Refugees Education and Training Advisory Service (RETAS)
World University Service (UK)